کونسوڵخانەی گشتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا
هەولێر, عێراق

2013-1-9

بۆ بڵاوکردنەوەی دەستبەجێ

ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا پابەندە بە پشتیوانی کردنی مافەکانی ژنان لە عێراق

کونسوڵی گشتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا, پۆل سەتفین ئەمڕۆ سەردانی شەڵتەری ژنانی قوربانی توندوتیژی خێزانی کرد لە سلێمانی و, لەگەڵ کەژاڵ عەبدولا ڕەحیم بەڕێوەبەری شەڵتەری ژنان لەسلێمانی کۆبویەوەو دەستخۆشی لێکرد بۆهەوڵەکانیان لەپێناو پاراستنی قوربانیانی توندوتیژی خێزانی و ڕەخساندنی دەرفەتی نوێ بۆ ئافرەتانی خاوەن پێویستی.

کونسوڵی گشتی سەتفین ئاماژەی بەوە دا کەوا عێراق بە ئاراستەیەکی دروست هەنگاو ئەنێ سەبارەت بە مافەکانی ژنان, بەلام ئەکرێ زیاتر بکرێت. هەروەها تیشکی خستە سەر دەرکردنی یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی, ژمارە 8 ی ساڵ 2011 لە هەرێمی کوردستان وەکو یەکێک لە یاسا هەرە پێشکەوتوەکان لە هەرێمەکە. هەروەها ووتی لەکاتێکدا دەرچواندنی یاسایەکی لەوجۆرە نمونەی پێشکەوتنێکی ڕاستەقینەیە, جێبەجێکردنی هەموو لایەنەکانی یاساکەش گرنگە.

سەتفین ڕایگەیاند 'حکومەتی ئەمریکا بەقوڵی پابەند دەمێنێتەوە بۆ پشتیوانی کردنی مافەکانی ژنان , وە بەرنامەکانیشمان لە عێراق تیشکیان خستۆتە سەر ئەم پابەندیە'

هەروەها قسەیەکی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا هیلاری کلینتۆنی بەکارهێنا کە دەڵێ ' ڕێزگرتنی مافەکانی ژنان و کچان کارە تەواونەکراوەکەی سەدەی 21ە. گەمژانەیە ئەگەر هەوڵی بنیاتنانی ئابوریەکی بەهێز یان دیموکراسیەکی جێگیر بدرێت, لەکاتێکدا وەکو هاوڵاتی نمرە دوو هەڵسوکەوت لەگەڵ نیوەی دانیشتوانا بکرێت لەباشترین حالەت, وە لە هەندێ حالەتی تر خراپتریش ' کونسوڵی گشتی سەتفین کۆتایی بەوتەکەی هێنا بەوەی 'نابێ هیچ ژن یان کچێک لە ناو هیچ جۆرە ترس و توندوتیژیەک بژی بە توندوتیژی خێزانیشەوە'

نوسینگەی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و کرێکار لەوەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاو پرۆگرامی دەست گەیشتن بەدادیەرەوری ئاژانسی ئەمریکی بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی یارمەتی ژمارەیەک ڕێکخراوی ناحکومی لەهەرێمی کوردستانی عێراق و لە سەرتاسەری عێراق دەدات لەهەوڵەکانیان بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری یاسایی, پاراستن و یارمەتی بۆ قوربانیانی توندوتیژی خێزانی.

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بە نوسینگەی ڕاگەیاندنی کونسولخانەی گشتی ئەمریکاوە بکەن لە ڕێی 07704431653 .

###